
# چیرۆک بە تامی شیعر و ئەوین

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)




چیرۆک ئەو پاژ و وردیلە کات و ساتانەی ژیانە کە نووسەر لە ئاوێنەی ڕوانگەی خۆیدا دەیانبینێ و هەستی دەجووڵێنێ و ئاوێتەی ڕۆح و مێشکی دەبێت و دەینووسێتەوە. ئەگەر بە چاوی چیرۆک لە ژیان بڕوانی، هەنگاو بە هەنگاوی ژیان و هەموو هەناسەکانی مرۆڤ و جووڵە و ئاوات و خەمەکانیان  هەرکامەیان چیرۆکن.

چیرۆک تەنیا تراژیدیا و خەم و گریان و مەراق نییە، شادی و عەشق و ویست و خولیاکانی مرۆڤ هەرکامەیان هەڵگری چیرۆکێکن و نووسەری وردبین دەبێ بە کامێرای هەستی تۆماریان بکات. چیرۆکیش لەگەڵ گێڕانەوەی هەقایەت و بیرەوەری و باسوخواسەکانی ڕۆژانە جیاوازە و تەنیا گێڕانەوەیەکی سادە و ساکار نابێتە چیرۆک. چیرۆک دەبێ تەکنیک و هونەری دەربڕین و داڕشتنی تێدا بێ و هەموو قەڵەم بەدەست و خوێندەوارێک ناتوانێ چیرۆک و ڕۆمان بنووسێ.

هونەری چیرۆکنووسی، هونەرێکی گرنگە و نووسەر دەبێ لەنێو ژیانی مرۆڤەکاندا توابێتەوە و بووبێتە بەشێک لە ڕۆح و جەستە و هەناسەی خەڵک و خاک و کۆمەڵگەکەی. نووسەر ئەگەر خەڵکەکەی و کۆمەڵگە و وڵاتەکەی، تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان و باری جوگرافیای وڵاتەکەشی نەناسێ،  ناتوانێ چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو بێ. چیرۆکنووس دەبێ لەنێو خەم و مەراق و عەشق و  هیواکانی خەڵکدا قاڵ بووبێت و ڕۆحی نەسرەوتووی، میوانی هەموو چین و توێژی کۆمەڵگە و بنەماڵەکان بێت و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئامادە بێت.

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ بەرەو پیری کتێبێک بچم، کتێبێک کە بە ڕاستی لپاولپە لە جوانییەکانی چیرۆک، هەروەها پڕە لەهەست

و عەشق و خولیاکانی مرۆڤ، بە تایبەت مرۆڤی ئاڵۆز و بێ دەرەتان و عاشقی ئەم سەردەمە.
«ئەو پیاوەی نەمبینییەوە»، نووسینی «عومەر حاجی» کۆچیرۆکێکی سەد و دوازدە لاپەڕەییە و زۆربەی چیرۆکەکان مینی ماڵ و کورتیلە چیرۆکن. ئەو کتێبە سەرجەم هەشتا و دوو چیرۆکی لە خۆ گرتووە. چیرۆکەکان پڕن لە چێژی شاعیرانە و عاشقانە و لە هێندێ شوێن بە تەواوی چێژی شیعر بە خوێنەر دەبەخشن. کاتێک دەستم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە جوان و خنجیلانەیە کرد، نەمتوانی دەستی لێ هەڵگرم و هەتا تەواوم نەکرد دەرگای لاپەڕەکانیم پێوەنەدا.

کێشە و خەمی ئەم ڕۆژانەی زۆربەی کچ و کوڕانی ئەم وڵاتە مارەییە و مارەیی کچ بووەتە کۆسپێک لەبەردەمی لاوەکاندا و ناتوانن ژیانی هاوبەشی پێک بێنن.

«مارەیی» هاوڕێکانی کە بینییان خۆی لەسەر ڕۆمانێک مارە کردووە و مارەییەکەی کتێبێکە هەر هەموویان پێی پێکەنین، بەڵام ئەو دوای چەند ساڵێک یەک بە یەکی هاوڕێکانی بینییەوە و بۆ چارەنووسی هەموویان گریا.

کتێبی ئەو پیاوەی نەمبینییەوە، پڕە لە ژیان، ژیانی تاڵ، ژیانی شیرین، دۆزەخ، بەهەشت، خۆزگە، نهێنی، نان، ئەنفال، سووتان، مردن، کەلەپچە، شەیتان، خوێن، چارەنووس، هاوار، زریکە، قیژە، ئەوین و ماچ. ئەو کاتەی مرۆڤی دڵڕەقی خاوەن دەسەڵات، مرۆڤی بێتاوان قەڵاچۆ دەکەن و لە گۆڕی بە کۆمەڵدا زیندەبەچاڵیان دەکەن. دایک و کوڕ پێکەوە گوللەباران دەکەن و ژیان لە خەڵک دەکەنە دۆزەخ، چیرۆکنووس ناتوانێ بێدەنگ بێ و چیرۆکی دۆزەخ دەنووسێ.

**«دۆزەخ»**

پڕ بە گەرووی هاواری کرد، منداڵەکەم بۆ کوێ دەبەن؟ جەللاد بە دەنگ هات، پێی گوت: جێت ناهێڵێ. دوای دوو خولەکی تر تۆش لەگەڵ ئەودا دەچی بۆ دۆزەخ. دوای دوو دەقە تەقەی دوو فیشەک بێدەنگی لەسەر خەندەقەکان دروست کرد.

تەماح و ماڵی دنیا و کێشەکانی بەشەماڵ و خزمەتکردنی دایک و باوک دەردێکی دیکەی کۆمەڵگەیە و برا لەگەڵ برا دەکاتە دوژمن و جاری وایە لەسەر کێشەیەکی ئەوتۆ خوێنی یەکتر دەڕێژن، بۆیە چیرۆکنووس لە و دەردەش تێ دەگات و دەیهێنێتە سەر کاغەز.

**«خەڵوەتگە»**

کە کوڕی دووەمیان لە دایک بوو، بە هاوسەرەکەی گوت نابێ منداڵی ترمان ببێت. تا ئەو سەروەتەی هەمە بەشی هەردووکیان بکات، بەڵام کاتێک کە پیر بوون، لەسەر خزمەتکردنی ئەوان بوو بە شەڕ. یەکتریان کوشت. ئەویش دوای مردنی کوڕەکانی بڕیاری دا هەردوو خانووەکەی بکات بە خەڵوەتگەی پیری بۆ ئەو دایک و باوکانەی کوڕەکانیان دەریان کردوون.

ژیانی تاڵی مرۆڤی دەست کورت و بێ بژێوی ئەم سەردەمە لە چیرۆکەکانی (عومەری حاجی)دا ڕەنگی داوەتەوە و برسێتی و نەبوونی و ژیانی تاڵ نووسەری لە نێو ئەو دەردانەدا تواندووەتەوە.

**«ژیان»**

چەند ساتێک بوو لە بەرانبەریدا وەستا بوو تا پیپسییەکەی دەخواتەوە. نەیدەزانی ژیانی

ئـەو، لـە سـەر قوتووەكـەی دەسـتی بەنـدە!! هێـواش، هێـواش، بە ئـارەزووی خـۆی قومـی لـێ دەدا. لە بەرانبەریدا دەمێک و چاوێک و زارکـی گونیەیـەک لـە چاوەڕوانـی قوتووەکەیـدا بـوون.

چیرۆکـی (عەمـرە) باسـی حاجییەکـە کـە بـە هـەزار ئـاوات و ئـارەزووەوە دەچـێ بـۆ حەجـی عەمـرە، بـەڵام کاتێـک لـە حـەج دێتـەوە و لـە کۆڕێکـدا سـینگێکی سـپی و لـەرەی دوو مەمکـی خرپنی ئافرەتێک دەبینێ، لە حەجەکەی پەشیمان دەبێتـەوە و بـە خـۆی دەڵـێ ئـەو حـەج کردنـەی مـن زۆر زوو بـوو.

**«عەمرە»**

بـە درێژایـی تەمەنـی خەونـی بـەوەوە دەبینـی کـە دەسـت لـە بـەردە ڕەشـەکە گیـر بـکات. دوای ماوەیـەک لـە گەڕانـەوەی، لـە کۆڕێکـی ئەدەبی، لـە هۆڵـی زانکـۆدا چـاوی بـە سنگێکی سپی و لـەرەی دوو مەمکی خرپـن کـەوت. حاجـی مینـە تاسا، لـە خـۆی پرسـی بـە خـوای عەمرەکـە زۆر زوو بـوو.

(یـادگاری) چیرۆکـی دایکێکـی پیـرە کـە پێنـج کـوڕی بەخێـو کـردووە، بـەڵام ئەمـڕۆ بەبـێ کەسـی لـە ماڵـە چۆڵێکـدا دەژی و ئـاوڕی لـێ نادەنـەوە.

**«یادگاری»**

تەمەنێکـی دوورودرێـژ ڕۆژ نەبـوو لـە ماڵەکەیـدا ئـەو لانکەیـەی بەرچـاو نەکـەوێ کـە بـە چ ئـازار و شـەونخوونییەک پێنـج کـوڕی تێـدا گـەورە کردبـوو. لـە بـەر بـێ وەفایـی ئـەوان ڕۆژێـک لـە حەوشـەکەیاندا ئاگـری تێبـەردا تـا هیـچ یادگارییەکیـان لـە ماڵەکەیـدا نەمێنـێ.

کاتێکیـش دەچێتـە نێـو دڵ و چـاوی سـپوورێکی زەحمەتکێشـی شـارەوانییەوە و لاپـەڕەی دڵـی هەڵدەداتـەوە ناکامبوونـی ئـەو پیـاوە عاشـقە هـەژارە دەکاتـە چیرۆکـی پیاوێکـی تینووی ئەوین و دڵداری.

**«دواهەمین یادگاری»**

کۆکردنـەوەی پاشـەڕۆی مرۆڤـە بێباکـەکان و پیسـیی شـەقامەکان تەواو ماندووی کردبوو. تنۆک تنـۆک ئارەقـەی گەرمـا بـە ڕوخسـاریدا دەهاتـە خـوارەوە. ئـەو کـە بینـی ئەوەنـدە مانـدووە، دەبـە ئاوەکـەی خـۆی پـێ بەخشـی، ئەویـش بـە شـەرمەوە لێـی وەرگـرت. ئاوەکـەی خـواردەوە و ئاوڕێکـی زۆر غەریبانیـی لـێ دایـەوە کـە بۆنـی غوربەتـی و تەنیاییەکـی ئەبـەدی لـێ دەهـات. لـە نیـگا و ئاوڕدانەوەکەیـدا ئـەوە دەخوێنرایـەوە کـە ئەوەنـدەی تینـووی گفتوگـۆی کچێـک بـوو، نیـو ئەوەندە تینـووی ئـاو نەبـوو. ئاوەکـەی خـواردەوە و دەبـە بەتاڵەکـەی خسـتە گیرفانییـەوە. ڕەنگـە ئـەوە یەکەمیـن یـادگاری و دواهەمیـن یادگاریـی کچێـک بێـت.

لـە کۆتاییـدا هیـوادارم عومـەر حاجـی هەسـتی جوانـی گەشـاوەتر بێـت و چاومـان بـە کتێبـی دیکەشـی ڕوون بێتـەوە و هـەر ئـاوا ببێتـە چـاوی خەڵـک و خـاک و کۆمەڵگـە و وڵاتەکـەی.

**سەرچاوە:**

ئـەو پیـاوەی نەمبینییـەوە، چیـرۆک، نووسـەر: عومـەر حاجـی، سـاڵی چـاپ: ٢٠٢٣، سـلێمانی، چاپخانـەی کارۆ.